# نابێ بهێڵین ئیسلامی سیاسی پەنابەران بکەن بە گژی یەکدا!

ماوەی چەند ڕۆژێکە کێشەیەك لە نێوان پەنابەرانی کوردو پەنابەرانی چیچانیدا لە کەمپی نورد بی برۆتن لە ڤۆلەر لە ئارادایە و چەندین جار ئەم پەنابەرانە تیکهەڵچوون . تا کار بەوە دەگات شەڕ لە نێوانیاندا دروست دەبێت و چەندین کەس لە یەکتری بریندار دەکەن. ئەم کێشانەش لەوەوە سەرهەڵدەدات کە پەنابەرانی چیچانی، بە قەولی پەنابەرە کوردەکان، دەیانەوێت فەرزی ئەحکامی ئیسلامی بکەن لە کەمپەکەداو دەکەونە ئیهانەکردن و تەنانەت جنێودان بەو کەسانەشی کە نوێژ ناکەن یان باوەڕیان بە ئیسلام نیە. وە لە کاتی شەڕەکەدا دەکەونە وێنەگرتنی ئەو پەنابەرە بریندارانە بە ووتنی "الله اكبر" لەسەر سەریان و بە قەولی خۆیان جیهاد دەکەن. ئەمەو زۆرێك لەو کێشانەی کە لەم کەمپانەدا ڕوو دەدات بەرەنجامی قەرەباڵغیەکی زۆرو کەمی ئیمکانات و پێداویستیەکانی ژیانی پەنابەرانەو ئەم سیاسەتەش لە لایەن دەوڵەتەوە گیراوەتە بەر بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی کەمپەکان و لەم ماوانەی دووایيدا چەندین کەمپ داخراون.

دوێنێ واتە ڕۆژی 2005/09/19 ئەو پەنابەرە کوردانە پەیوەندیان بە ڕێکخراوەوە کردو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان بەرەو ئۆسلۆ هاتن چونکە بەرپرسیارانی کەمپ و پۆلیسی ئەو ناوچەیە وەك پێویست ئەم کێشەیە یان چارەسەر نەکردو کارێکی ئەوتۆیان بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ئەم پەنابەرە کوردانە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئەم ئیسلامیانەدا نەکرد. سکرتێری ڕێکخراو "كامل احمد" بە نوێنەرایەتی ئەم پەنابەرانە کە لەبەردەم پۆلیسی گشتی شاری ئۆسلۆدا بۆ کۆتاییهێنان بەکێشەکانیان کۆبووبونەوە لەگەڵ پۆلیسدا کەوتە گفتوگۆ و لە ئەنجامی زیاتر لە 4 کاتژمێر گفتووگۆ توانییان داواکاریەکانیان فەرزبکەن کە بریتی بوو لە نەگەڕانەوە بۆ ئەو کەمپە. هەر ئەو شەوە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ UDI ناچار بوو کە بەشێوەیەکی کاتی تا ئەمڕۆ بۆ کەمپێکی کاتییان بگوێزێتەوە بۆ حەوانەوەو ئەمڕۆش هەموانی گواستەوە بۆ کەمپێکی تر لە ئۆسلۆ.

ئێمە ڕادەگەیەنین کە ئەوانەی پێیان وایە دەتوانن لە ئەورووپاشدا ئەو پەیامە ڕزیوو گەندەڵەی خۆیان جێبەجێ بکەن، دەبێت بزانن کە هەم خەڵك ڕێیان پێنادات و هەمیش لە بەرامبەر یاسادا لێپرسراو دەبن و ڕێکخراوی ئێمەش نەك تەنها پاڵپشتی لەم کێشانە دەکات، بەڵکو لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دژ بە ئیسلامی سیاسی ڕاوەستاوە. ئیسلامی سیاسی لە ئێران و ئەفغانستان و سعودیەو...... کەمی بەسەر ئینسانەکان نەهێناوە و هەر لەوێ شمشێری دژ بە خەڵك و ئازادییەکانیان و ژنان و منداڵان بەرزکردۆتەوە. ئەوەتا لە عێراقیش کۆمەڵگایەکیان بە تەواوەتی لە خوێن هەڵکێشاوەو بەفەرزکردنی دەستورێکی فاشی_ئیسلامی خەریکن ئەوەندەی تر عێراق بخەنە زەلکاوی کۆنەپەرستییەوە.

وەستانەوە بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی بە کاری خۆمان دەزانین و هەموو کەسانی ئازادیخوازو سێکیولاریش بانگەواز دەکەین لەم خەباتەمان لەگەڵمان بن. پۆلیسی نەرویج و دەزگا بەرپرسەکانیش نابێ بە بیانوی ئەوەی بیروڕای خۆیانە لە ئیسلامی سیاسی بگەڕێت ئێرەش بکەنە مەیدانی شمشێربازێنی خۆیان. هەر کەسێك هێرشی جەستەیی یان ڕۆحی بکاتە سەر کەسانی تر ئەبێ لە لایەن یاساوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت و بەگوێرەی ڕادەی هێرشەکەی سزابدرێت.

**ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج**

20.09.2005

ikafn@yahoo.com